# چەمکی هاوڵاتیبوون


نوسینی

پ. د.عەبدولفەتاح ئەلعەواری

ڕاگری کۆلێژی بنەماکانی ئاین، زانکۆی ئەزهەر

پێشەکی

پ.د.محمد عەبدولفەزیل ئەلقوصی

جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی

مەلا عبدالله شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی

د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید وەیسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان


2020

ڕێکخراوی جیهانی
دەرچـــوانی ئەزهەر

یەکێتی زانایانی
ئاینی ئیسلامی کوردستان

# چەمکی هاوڵاتیبوون


نوسینی:

پ. د.عەبدولفەتاح ئەلعەواری

ڕاگری کۆلیژی بنەماکانی ئاین زانکۆی ئەزهەر

پێشەکی:

پ.د.محمد عەبدولفەزیل ئەلقوصی

جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی:

**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:

**د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید وەیسی**

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



**ئربیل _ کوردستان**

٢٠٢٠م ١٤٤١هـ ٢٧٢٠ک

إسم الكتاب: مفهوم المواطنة

المؤلف: أ.د. عبدالفتاح العواري– عميد كلية أصول الدين بالقاهرة/ جامعة الأزهر.

تقديم ومراجعة: أ.د. محمد عبدالفضيل القوصي– نائب رئيس المنظمة العالمية لخريجي الأزهر.

الترجمة الى الكوردية: الشيخ عبدالله أحمد –المديرالإعلامي–إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

مراجعة: الدكتور عبدالله سعيد ويسي – رئيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان.

سنة الترجمة: ٢٠٢٠ م – ١٤٤١ هـ .

منشورات: المنظمة العالمية لخريجي الأزهر

الموقع الألكتروني: www.waag-azhar.org

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

الموقع الأكتروني: www.zanayan.org

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەكی وەرگێر

زۆر جار كە باس لە چەمكی هاوڵاتیبوون یان هاونیشتمانیبوون دەكرێ، هەندێك وای بۆ دەچن ئەم پرسە دوای سەرهەڵدانی بیری ئازادیو دیموكراسیو سیكۆلارو مافەكانی مرۆڤ هاتۆتە كایەوە، لەهەمان كات وای دەبینن ئیسلام كەمو زۆر بەلای ئەو بابەتە نەچووەو كەمتەرخەمە لە باسكردنی ئەم بابەتە.

لە كاتێكدا ئیسلام زۆر پێشكەوتووە لە بایەخدان بە چەمكی هاوڵاتیبوونو پتر لە چواردە سەدەیە ئەم بابەتەی وروژاندووەو تەواوی مافەكانی تاوتوێ كردووە، بنچینەی ئەم پرسە لە قورئانی پیرۆزو سوونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) رێڕەوێكی چەسپاوی هەیەو لەسەر ئەزی واقعیش بۆ یەكەم جار لە پەیامی مەدینە بەرجەستە كرا، ئەم باسە وردتر گەنگەشەی ئەم پرسە دەكاتو رۆشنایی دەخاتە روو. بۆیە وەرگێرانی بە باش زانراوە..

**وەرگێر**

**٢٠/ئایار/٢٠٢٠ز**

**٢٧/رمەزان/١٤٤١ھ**

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەكی

### پ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوصی

### ئەندامی دەستەی گەورە زانایان لە ئەزهەری شەریف

زانای گەورە (محی الدین بن عربی) لە پەرتوكە ناوازەكەی (الفتوحات المكيّة)دا ئەوە روون دەكاتەوە، كە كەسایەتی موسڵمانی ڕاستەقینە تەنها لە پەیوەندییێكی دەرونی ناوەستێت پێی بەرز ببێتەوە، بەڵكو پەیوەندی موسڵمان لەگەڵ بەدیهێنەری خۆی، پێویستە پەیوەندێكی روحی بێت‌و لەگەڵی بتوێتەوە، پەیوەندیەك لەگەڵ خودی شتەكان ئاوێتە ببێت‌و تووشی هەورازو نشێوو ببێت، ئەگەر ئەم پەیوەندیە پتەوە نەبێت ئەوا لاشەی ئەم موسڵمانە وەك لاشەیەكی مردوو و بێ سوود ئەژمار دەكرێت.

بەم پەیوەندیە روحیە دەروازەكان بۆ مرۆڤ دەكرێنەوەو، ئەندامەكانی لەشی هەموویان مل كەچ دەبنو بەبێ دەنگی پەروەردگاری خۆیان دەناسنو كرنۆشی بۆ دەبەن، بەچاوی جوانیو سۆزو خۆشەویستیو ئارامی لە جیهان دەروانیٚ، ئەم شێوەیە وەك ئەوە وایە كە ئەم مرۆڤە هەموو جیهانی بەدەست هێناوەو، سێبەری بۆ دەورو بەرەكەی هەیەو كەسی فەرامۆش نەكردووە.

ئەگەر لەم سەردەمەدا ئەم دیدە جوانە لەگەڵ ئیسلام ئاوێتەو تێكەڵاو بێت، ئەوا دەروونەكانمان لەم بارودۆخە ناهەموارەدا هەست بە ئۆقرەییو ئارامیو دادپەروەری دەكەن، وەك دەرمانێك بۆ برینو ناسۆریەكانی ئێمە بەكار دێتو رێگا تاریكەكانمان بە نوری ئیلاهی روناك دەبوونەوە.

ئەگەر ئەم دیدە جوانە لەگەڵ ئیسلامەكەمان تێكەڵاو بێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك موسڵمانی دڵ رەقو توندرۆت نەدەدۆزیەوە،

بەڵکو موسڵمانی بەخشندەو بە بەزەیی بەرچاو دەکەوت، رق‌و کینە لەناو دڵ‌و دەروونی نەبێت، موسڵمانێك کە هەست بە نارەحەتی‌و ئازاری هەژاران‌و بێ دەسەلاَتان بکات، دڵەکەی بەرەو جوانی‌و ڕاست گۆی‌و دادپەروەری ڕابکێشیٚ، بێ ئەوەی یەك دڵوپە خوێن برێژێت‌و دڵە راوەکیٚ‌و کینەی لا دروست ببیت.

کەچی ئەم دیدە جوانەی ئیسلام لەم سەردەمەدا زۆر گۆڕدراوە، بە شێوازێك هەوڵەکان خۆیان لەوە قەتیس کردووە کە وێنای ئیسلام پێچەوانەی ئەمە بکرێت، هەست‌و بیری خەڵکێك وا ئاو دراوەو گۆشکراوە کە ئیسلام بە گەورەیی‌و رەحمەت‌و سۆزەکەی تەنها بۆ (بەدەستهێنانی دەسەلات)و بازدانی بۆ پێگەیشتنی بەهەر شێوازو ئامرازێك بێت، ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە گیرۆدەی گەمە جۆراو جۆرەکانی سیاسەت‌و فرت‌و فێڵن.

ئەم دیدە جوانەی ئیسلام لە ئەدەبیاتی ئەو جۆرە كەسانە بەدەست ناكەوێت، بەڵكو لە ئەدەبیاتە تاریكەكەیان تەنها ئەفسانەی ئەوت دەبینی كە جگە لە خۆیان كەسی تر بە موسڵمان ئەژمار ناكەن‌و، ئەوانی تر هەر هەموویان دووچاری بێ باوەڕی‌و گومرایی بوون، هەوڵ دەدەن گەنجەكانی ئەم میللەتە لە سەر ئەم بیرە دژوارو خەتەرناكە بە گیانی رق‌و كینەو یەكتر قەبوڵ نەكردن‌و وێرانكاری پەروەردە بكەن، تەنها بۆ گەیشتن بە لوتكەی دەسەلات، بۆ ئەوەی تێنوێتی خۆیان بە كورسی دەسەڵات بشكێنن، وەك ئەوەی ئیسلام هەمووی بریتی بێت لە دەسەڵاتێك كە زۆرترین خوێنی بۆ برێژێت.

ئەو دیدگا روون‌و راشكاوە لە كوێیە بۆ ئەوانەی لە ژێر پەردەی (سەلەفیەت) بانگەشە دەكەن‌و خۆیان بە میراتگری سوننەت دەزانن، دواتر پێچەوانەی سوننەت هەنگاو دەنێن لە دڵرەقی‌و كورت بینیداو هەموو بایەخێك بە خوێن رشتن دەدەن‌و نەوەی داهاتووی لە سەر پەروەردە دەكەن، تا رەگ‌و ریشەی

گەنجەکانمان بە خوێن ئاو بدەن و بەم شێوازە ئامادەیان بکەن بۆ ڕۆژگاری داهاتوو ..

ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانەی کە ماوە ماوە بەناوی جیا جیا دەردەکەون و زۆر بەنارەوا بانگەشە بۆ ئیسلام و زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەکەن و، لە کردارەکانیان هیچ شتێك بەرچاو ناکرێت جگە لە سەر بڕین و بە کەنیزە کردنی ئافرەت لە بەر چاوی خەڵك و بە ڕۆژی روناك، بێ ئەوەی بەزەییان بە هیچ کەسێکدا بێتەوە، کاتێك کە وێنەی ئیسلام ناشیرین دەبێت بەم رەفتارانە لە هەمان کاتیشدا بە کردارەکانیان ئیسلام دەبێتە وێنەیەکی ناشیرین بۆ هەموو جیهان، ئیسلامێك کە سۆزو رەحمەتی بەخشی بە هەموو جیهان ئێستا خوێن و ڕق وکینە دەبەخشیت، ئەی ئیسلام (وێنەی هزری) ئەو مندالأنە چۆن راست بکەینەوە لە کاتێکدا کە هەموویان بە بچوکی و منداڵی لە سەر ئەم هزرە توندرۆیە پەروەردە کراون بێ ئەوەی ڕووە ڕاستیەکەشی بناسن.

ناکرێت ئەوانە بیر بکەنەوە کە لە ئیسلامدا شتێکی تر هەیەو پێی دەوترێت (کۆششی روحی) کە گیان‌و هزری مرۆڤ بەرز دەکاتەوە بەرەو لوتکە بۆ ئەوەی خودی ئەم مرۆڤە لە خۆپەرستی رزگار بکات‌و بەزەیی بە خەڵکدا بێتەوەو برسیەکان تێر بکات‌و، دەست بە سەری هەژارەکان دابنێت‌و لە پێداویستیەکانی ژیان بێ بەشیان نەکات.

بەو هیواییەین کەوا لەم زنجیرەیەدا بتوانین هەق‌و ڕاستی بگەرێنینەوەو، ئەم بۆچوونە هەڵانە تێك بشکێنین کە توندرۆوەکان بۆ چەمکەکانی ئاینی ئیسلامی کردوویانە، ئەو گومانانە برەوێنینەوە کە دەیان وروژاند، بۆ ئەوەی رێگای راست‌و سووننەتی پێغەمبەری خوا موحەممەد(درودی خوای لەسەر بێت) بۆ هەموو خەڵك روون‌و دیارو ئاشکرا بێت.

نزای سەرفیرازی‌و بەختەوەری لەخوای پەروەردگار دەخوازین‌و، هەر ئەویش یارمەتیدەرو پشت‌و پەنای هەموو لایەکمانە.

# تێگەیشتی دروست
# بۆ چەمکی ( هاوڵاتی ) بوون

هاوڵاتی بوون واتە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نیشتمانی خۆیو پارێزگاری لێکردنی.

هاوڵاتیبوون: بریتیە لە کۆنتاکتو کارلێکی نێوان مرۆڤو ئەو نیشتمانەی تێیدا دەژی، کە دەخوازێ هاوڵاتی ئینتیماو سۆزو خۆشەویستی بۆی هەبێتو پارێزگاری لێ بکات.

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نیشتمان خۆشەویستیەکی سروشتیەو لەگەڵ فیترەتو سروشتی مرۆڤ لەدایك بووە، وەك گوتراوە: (خۆشەویستی نیشتمان بەشێکە ئیمان).

لە راستیدا هەموو ئایینە ئاسمانیەکان لەپێناو ئەو واتا گرنگەی هاوڵاتیبوون هاتوون، وە جەخت لەسەر خۆشەویستی نیشتمان‌و پەیوەستی‌و پارێزگاری لێکردنی دەکەنەوە، بەڵکو پارێزگاری کردن لە نیشتمان بەجیهاد دەدانێت‌و ئەوەیشی لەو پێناو کیان‌و نیشتمانی بکوژرێ بە شەهیدی دادەنێت.

قورئانی پیرۆز جەخت لە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نیشتمانەکەی خۆی دەکات‌و ئاماژەش بەوە دەکات، کە دەرچوون‌و دەربەدەری لە نیشتمان هاوتاو یەکسانە بە دەرچوون لە ژیان، خوای گەورە دەفەرموێ: (**وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ مَا فَعَلُوهُ إِلاَّ قَلِيلٌ مِنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا**) النساء: ٦٦، واتە: خۆ ئەگەر بەڕاستی ئێمە پێویستمان بکردایە لەسەریان کە خۆتان بکوژن، یان لە وڵات‌و نیشتمانتان دەرچن ئەوەیان نەدەکرد، مەگەر کەمێکیان نەبێت

(چونكە بەجیٚ هیٚنانی فەرمانی خوا بەبیٚ چەن‌و چوون پیشەی بەندە راستەقینەكانە، ئیٚمەش ئەو داخوازیەمان لیٚ نەكردوون) جا ئەگەر بەڕاستی ئەوانە بەگویٚرەی ئامۆژگاری‌و فەرمانی ئیٚمە رەفتاریان بكردایە، ئەوە چاكتر بوو بۆیان‌و دامەزراوترو چەسپاوتر دەبوون لەسەر حەق‌و راستی.

یەكیٚ لەو بەڵگەنامانەی خوای گەورە لەسەر (بەنو ئیسرائیل) دیهیٚنیٚتەوە، ریٚك ئەو مانایە دەدات، واتە دەربەدەركردن لە ماڵ‌و حاڵ‌و بیٚ بەشكردن لە نیشتمان، ریٚك وەك رشتنی خویٚن‌و دەرچوونە لە ژیان، خوای گەورە دەفەرمویٚ: (**وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنْفُسَكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنْتُمْ تَشْهَدُونَ، ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِنْكُمْ مِنْ دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا**

جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) البقرة: ٨٤-٨٥، واتە: یادی ئەو نیعمەتە بكەنەوە كاتێك پەیمانمان لە ئێوە وەرگرت كە ئیتر خوێنی یەكتر (بە ناحەق) نەڕێژن‌و یەكتر لەماڵ‌و حاڵی خۆتان دەربەدەر نەكەن، پاشان بڕیاریشتان لەسەر ئەوەداو لەكاتێكدا خۆیشتان شایەتی لەسەر ئەمە دەدەن.

لەوەودوا ئێوە هەر ئەوانەن (ئاماژەیە بۆ جوولەكەكانی سەردەمی پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- خەریكی یەكتر كوشتنن، دەستەیەك لە (خزمانی) خۆتان لە ماڵ‌و حاڵی خۆیان دەربەدەر دەكەن پشتی یەكتر دەگرن دژ بە دەستەیەكتان بە تاوان‌و دوژمنایەتی، كەچی ئەگەر بەدیلی دەستی دوژمن بكەوتنایە ئەوا ئێوە فیدیەتان بۆ دەدان‌و ئازادتان دەكردن، لە حاڵێكدا دەربەدەركردنەكەیان لەسەرتان حەرامە، كەوابوو چۆن

دەبێت باوەڕتان بە بەشێکی (تەورات) هەبێتو بە بەشێکی تری باوەڕتان نەبێت؟ ئایا پاداشتی ئەوەتان کە ئەو کارە دەکات جگە لەسەر شوڕیی و سووکی نەبێت لە ژیانی دنیادا هیچی تر هەیە؟ لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا، خوایش بێ ئاگانیە لەو کارانەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەوەمان فێر دەکات مرۆڤ نیشتمانی خۆی خۆش بوویێت، لەکاتی کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە کە بەهۆی ئەوەوە ڕۆشنو شکۆدار بوو، خۆشەویستی خۆی بۆ مەککەی پیرۆز ڕاگەیاند، عبداللە ی کوڕی عەدی کوڕی حەمڕا (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێت: بینیم پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەسەر بەرزاییەكو لەدوا سنووری مەککە وەستاو فەرمووی: (**وَاللَّهِ إِنَّك لَخَيْرُ أَرْضِ اللَّهِ وَأَحَبُّ أَرْضِ اللَّهِ إِلَى اللَّهِ وَلَوْلا أَنِّي أُخْرِجْتُ مِنْك مَا خَرَجْتُ**) رواه

الترمذي، واتە: سوێند بەخوا ئەی مەککە تۆ بەخێرترین خاکی خوای لای من، وە خۆشەویسترین خاکی لای خوا، ئەگەر خەڵکەکە منیان دەرنەکردبا هەرگیز ئامادە نەدەبووم جێت بهێڵم..

هەروەها عبداللە ی کوڕی عەباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەرامبەر مەککە فەرمووی: (**ما أَطْيَبَكِ من بَلَدٍ وَأَحَبَّكِ إلي وَلَوْلَا أَنَّ قَوْمِي أَخْرَجُونِي مِنْكِ ما سَكَنْتُ غَيْرَكِ**) رواه الترمذي. واتە: ئەی مەککە شارێکی چەند خۆش‌و خۆشەویستی لای من، ئەگەر خەڵکەکەت منی دەرنەکردبایە لەهیچ شوێنێکی تر جیشتەجێ نابووم.

ئەو پەیوەندیەی نێوان مرۆڤ‌و نیشتمان، کە خۆی لە هەبوونی ئینتیماو خۆشەویستی‌و پارێزگاری دەبینێتەوە، هەستێکە لەهەموو سەردەمێك‌و لەنێوان گەلان هەبووە، لە فەرهەنگی گەل‌و

**کۆمەڵگەکان پانتاییەکی فراوان هەبووە، کە لەو چوارچێوەیەوە عیشقو خۆشەویستیان بۆ وڵاتو نیشتمانی خۆیانو ئەو خاکەی لەسەری ژیانو پەروەردە بوونە دەربڕیوە، تەنانەت زۆرێك لە کارە ئەدەبیە دیارەکان خۆیان لە دەربڕینی دڵسۆزیو ئامادەیی گیانبەخشین لەپێناو پارێزگارکردن لە ئازادیو کەرامەتی وڵاتو نیشتمان بینیوەتەوە.**

**زۆرێکیش لە سروودو دروشمە نیشتمانیەکان هاوکار بوونە لە یەکخستنی هاوڵاتیان لەهەمبەر پرسی پارێزگاری لە وڵاتی خۆیان لەکاتی جەنگدا، هاوکات هەموو گەلێکیش بەردەوام هەوڵ دەدات گیانی نیشتمانپەروەری لەرێی یادەوەریو نەریتو ئاسۆی نەتەوەیی قوڵ بکاتەوە، وە قوتابیان فێری خۆشەویستی نیشتمانو رێزگرتن لە هەڵکەوتوو و سیمبولە**

نیشتمانیەکان بکات وەك: ئاڵای نیشتمان‌و مەزارگای نەتەوەیی‌و هێما یادکراوەکان.

ئەو هەست‌و تێڕوانینە هەر لە کۆنەوە لای عەرەب هەبووەو لە شیعرەکانیان دەرکەوتووە، کە وەك گۆرانی‌و هەست‌و سۆز بەرامبەر نیشتمان بەکاریان هێناوە، ئەوان لەنێوان خۆیان شانازی بە نیشتمانیانەوە دەکەن، لەوانە: ئیبن رومی کە ساڵی ۲۸۳ك کۆچی کردووە، باس لە هۆکاری خۆشەویستی خەڵك بۆ نیشتمان دەکات‌و دەڵێت:

وحبَّبَ أوطــانَ الرجال إليهم ... مآربُ قضّاها الشبابُ هنالكا

إذا ذكــروا أوطـانَهم ذكَّرتُهُـم ... عُهودَ الصّبا فيها فحنّوا لذلكا

نەریتی عەرەب وابووە کە سەفەریان کردووە، بەشێك لە خۆڵی نیشتمانی خۆیان هەڵگرتووەو بۆنیان کردووەو لەکاتی ئاو خواردنەوە تێکەڵی ئاویان کردووە.

# هاوڵاتیبوون

## واتە: یەکسانی لەنێوان هاونیشتمانیان لە مافەکاندا

هاوڵاتیبوون بەسەر هەموو ئەو هاونیشتمانیانە جێبەجێ دەبێت، لەناو یەك نیشتمان بێ جیاوازی دەژین، کە دەخوازێ یەکسانی لەنێوانیان هەبێ لەو مافانەی هەڵقوڵاوی ئینتیمای نیشتمانین‌و لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ یەکبگرێتەوەو ببێتە رێڕەوێك بۆ پراکتیزەکردنی هەموو ئەو ئایەتانەی جەخت لەوە دەکەنەوە، نایەکسانی‌و جیاکاری لەنێوان تاکەکانی هیچ گەل‌و نیشتمانێك نەبێت.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) نمونەی بەشداری تەواو و مامەڵەی دروستی نێوان تاکەکانی یەك نەتەوە بە کۆمەڵێك دێنێتەوە، کە لەناو کەشتیەکی دوو نهۆمی دان،

ئەوانەی لە قاتی خوارەوەن ئەگەر بیانەوێ ئاوو دەربێنن دەبێ بەلای ئەوانەی سەرەوە دابڕۆن تا ئاویان دەست کەوێ، جا هەندێکیان گوتیان: (**لو أنَّا خَرَقْنَا في نَصِيبِنَا خَرْقًا ولم نُؤْذِ من فَوْقَنَا**) واتە: بۆچی کونێك لەبەشی خۆمان لە نهۆمی خوارەوە نەکەینەوەو ئاوەکە بخۆینەوەو بەکاری نەهێنین بۆ خۆمان، وەئازاری ئەوانەشی پێ نەدەین کە لە سەروی خۆمانن؟ دوای ئەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (**فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وما أَرَادُوا هَلَكُوا جميعاً وَإِنْ أَخَذُوا على أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جميعا**) واتە: جا ئەگەر وازیان لێبهێنن ئەو کونە لەکەشتیەکەی بەشی خۆیان واتە لە نهۆمی خوارەوە بکەونەوە ئەوە هەموویان لەناو دەچن و غەرق دەبن، ئەگەر ڕێگەشیان لێ بگرن هەموویان رزگاریان دەبێت.

دوای گەیشتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە شاری مەدینە دەستوورێکی داناو تێیدا پەیوەندی موسڵمانان لەگەڵ یەکترو پەیوەندی موسڵمانان لەگەڵ ناموسڵمانان دیاری کرد، ئەو دەستوورە بە پەیمانی مەدینە ناسراو تەنانەت کاریگەریو رەهەندەکانی یەکسانی سەبارەت بە مافەکانی هاوڵاتیبوون گەیشتە ئەو ئاستەی بەڵێنی لەسەر درابوو لەسەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەرامبەر نەسڕانیەکانی مەککە، لەسەر یارمەتی دەوڵەتی ئیسلامی بۆیان لەکاتی پێویستیو دروستکردنو نۆژەنکردنەوەی پەرستگا، هەروەك لەو پەیمانو دەستوورەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە: "بۆیان هەیە ئەگەر پێوستیان بوو بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنی پەرستشو خەلوەتگەو کلێساو هەرچیە لە بەرژەوەندی کاروبارو دینیان دایە بکرێ، وە دەعمو هاوکاری کارو

**نۆژەنکردنەوەکانیان بکرێ نەك وەك قەرز لەسەریان، بەڵکو وەك پاڵپشتی ئەوان لەپێناو بەرژەوەندی دینەکەیانو وەفاداری بۆ پەیمانو بەڵێنی پێغەمبەر بەرامبەریانو چاکەیەك لەپێناو خواو پێغەمبەر بەسەریانەوە.."**.

**تەنانەت لە پرسە داراییو ئابووریەکانی وەك باجو سەرانەش لەناوەرۆکی پەیمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) تایبەت بە شوێنکەوتووانی مەسیح هاتووە: " نابێ ئەرکیان قورس بکرێو زیاد لە ئەندازەی هێزو توانا بخرێتە سەر شانیان لەکاروباری کێڵگەییو بەروبوومدا، زیاد لە ئەندازە داوایان لێ ناکرێو هاوشێوەی داهاتیان باجیان لێ وەردەگیرێ زیاتر نا "**.

**هەموو مافەکانی یەکسانی پەیوەست بە هاوڵاتیبوون لەوانەی ئیسلام دانی پێداهێناوە بۆ ناموسڵمانان لە دەوڵەتی ئیسلامی**

(موسڵمانان چ مافێکیان هەیە هەمان مافیان هەیە، وە چ ئەرکێکیان لەسەرشانە هەمان ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان)، پاراستنی گیان‌و خوێن‌و سامان‌و نامووس‌و شوێنی پەرستش‌و ئازادیەکانیان، هەموو ئەمانە لە بەرامبەر هەبوونی ئینتیمایەکی دروستە بۆ نیشتمان‌و هەستی دڵسۆزیە بۆ کۆمەڵگەو دەوڵەت‌و ئۆمەت، ئەوانە ئەرکن لەسەر هەموو هاونیشتمانیان بەموسڵمان‌و ناموسڵمانەوە، هەر وەك لە دەقی پەیمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) باس لەو ئەرکانە کراوەو دەفەرموێ: ( چەند شتێك بەمەرج گیراوە لەسەریان کە لە دینی ئەوان ئەرکە وەفادارو پابەندی بەڵێن‌و پەیمانیان بن، لەوانە: کەس نەبێتە جاسوسی کەس لەئەهلی جەنگ بەسەر موسڵمانانەوە بەنهێنی بێ یان بە ئاشکرا، وە ماڵەکانی خۆیان نەکەنە پەناگەی دوژمنان لەبەرامبەر موسڵمانان، وە یارمەتی

**كەس نەدەن بەچەك‌و ئەسپ‌و پاڵپشتی لەدژی موسڵمانان، شتیان بۆ دروست نەكەن‌و نهێنی‌و شتی موسڵمانان بپارێزن‌و نەبنە دەستخەڕۆی دوژمنان لەبەرامبەر موسڵماناندا).**

**بەهەمان شێوە پەیمان‌و دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئازادی ئایینیشی بۆ نەسرانیەكان باس كردووە، وەك تێدا هاتووە: (( كەس لەوانەی لەسەر ئایینی نەسرانین زۆری لێ ناكرێ‌و بەزۆر موسڵمان ناكرێ، ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ العنكبوت: ٤٦، واتە: گفتوگۆو دەمەقالە مەكەن لەگەڵ خاوەنی كتێبە ئاسمانیەكاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، جگە لەوانەیان كە ستەمیان كردووە (ئەوە رەفتارتان لە بەرامبەریانەوە دەبێت جیاواز بێت) پێشیان بڵێن: ئێمە**

باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە و ئێوە دابەزێنراوە، خوای ئێمەو خوای ئێوە تەنها یەکێکە، ئێمە فەرمانبەرداری ئەو زاتەین، وە باڵی رەحمەتیان بۆ رادەخەن‌و هەرچی ئەزیەت‌و ئازاو ناخۆشی هەیە لەسەریان لادەبەن لەهەر شوێن‌و لایەکەوە بن لەناو وڵاتدا)).

بگرە ئەم یەکسانیە تەواوە لە ئەرك‌و مافی هاوڵاتیبوون، بەوەی هەمان مافیان هەیە کە بۆ موسڵمانان هەیەو هەمان ئەرکیشیان لەسەرە کە لەسەر موسڵمانان هەیە، بەپێچەوانەشەوە موسڵمان چ ئەرکێکیان دەکەوێتە سەر شان هەمان ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، تەنانەت دەبنە هاوبەشی موسڵمانان لە ئەرك‌و مافدا ((ئەوە لە دەوڵەتی ئیسلامی تایبەت نیە تەنها بە پەیڕەوانی ئاینی جولەکەو مەسیحی، بەڵکو هەموو پەیڕەوانی ئاینەکانی تر لە ئاگرپەرست‌و ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە)).

ئەگەر خۆرئاوا هاوڵاتیبوونو مافەکانی دوای داروخانو هەڵوەشانەوەی ئایین، پاش سەرکەوتنی عەڵمانیەت بەسەر کەنیسەی خۆرئاوا ناسیبیٚو بۆ دەرکەوتبیٚ بۆیە هاوڵاتیبوونی سیکۆلار هاتە بوون، ئەوە ئیسلام ئەو ئایینیە کە چەمکی هاوڵاتیبوونی داهیٚناو شەریعەتی ئیسلامیش دانی بەمافەکانی ناوەو گریٚنتی پاراستنی ئەو مافانەشی دیار کردووە، بۆ ئەوەی نەکریٚتە (خەڵاتو بەخشش) دەستەڵاتداریٚك بیداتو یەکیٚکی تر نەیدات.

# بنچینەكانی هاوڵاتیبوون

لە راستیدا هاوڵاتیبوون چەند بنچینەو بنەمایەكی هەیە، كە پێویستە دەستەبەر بكرێن لەپێناو ئەوەی رەنگدانەوەو بەرهەمی باش‌و ئەرێنی هەبێت، ئەو بنچینانەش بریتین لە:

**یەكەم:** پەیوەستی بە رەوشتی ئیسلام‌و دووركەوتنەوە لە رەوشتە خراپ‌و قێزەونەكان، لەگەڵ چاودێری‌وبەجێگەیاندنی مافەكانی مرۆڤ هەر لە مافی دایك‌و باوك‌و خزمانەوە تا دەگاتە مافی دراوسێ‌و دۆست‌و بەكارهێنانی نمونەیی بۆ ماف‌و هێلە گشتیەكان‌و هەوڵدانی دروست لەلایەن هەر هاوڵاتیەك لەپێناو دڵنیایی‌و سەلامەتی سەرو ماڵی ئەوانی تردا.

**دووەم:** نەشكاندنی بەڵێن‌و رێزگرتنی پەیمانەكان: كە قورئانی پیرۆز جەختی لێ دەكاتەوەو ئاشكرای دەكات، كە ئەم بابەت

لەپێش کاری سەرخستنی ئیسلامە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**﴾ الانفال: ٧٢، واتە: ئەگەر ئەو ئیماندارانەی (کە کۆچیان نەکردووە) داوای یارمەتیو پشتگیریان لە ئێوە کرد بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام، ئەوە پێویستە لەسەرتان پشتگیریان بکەن، جگە لەسەر ئەو عەشرەتو لایەنەی کەلە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمانێك هەبێت (ئەو پەیمانە مەشکێنن)، خوای گەورەش بینایە بەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن.

**سێیەم:** دادگەری نێوان هاونیشتمانیان: کە ئەمە سەرەکترین بنچینەو بنەمایە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە بنچینەو کۆڵەگەی هەموو رێساو یاساکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بریتیە لە دادپەروەری، ئەمە شتێکە پاشەکشەی لێ ناکرێ هەرچەند

کینەو دوژمنایەتیو لێکترازانیش هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (**وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَنْ صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَنْ تَعْتَدُوا وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**) المائدة:٢، واتە: دوژمنایەتیو رقەبەرایەتی کەسانێك کە نەیانهێشت کاتی خۆی (تەواف)ی کەعبە بکەن، مەکەنە هۆی دەستدرێژیو بەرپاکردنی ناخۆشیو یارمەتیو کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتیو کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسنو پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بە توندی تۆڵە دەسێنێت.

هەروەها دەفەرموێ: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ**) المائدة:٨، واتە: ئەی ئەوانەی

باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاكی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، رقو دوژمنایەتی هیچ كەسو هیچ لایەك هەڵتان نەنێت كەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیكترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی كەواتە لەخوا ترسو پارێزكاربن، چونكە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو كارو كردەوەیەی كە دەیكەن.

**چوارەم:** خۆشەویستیت بۆ نیشتمانو نەتەوەی خۆت، یەكێكی تر لە بنچینەكانی هاوڵاتیبوون بریتیە لە خۆشەویستیت بۆ ئەو نیشتمانەی تێیدا دەژی، وە خۆشەویستیت بۆ نەتەوەی خۆت، چونكە گومانی تێدا نیە كە خۆشەویستی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) یەكێكە لە گەورەترین داخوازیەكانی ئیمان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنیٚ خۆشەویستی شتی تر نیە، ئەوەتا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) كاتیٚ دەرچوو

لە مەککەو کۆچی کر لەپاش ئەوەی شاری مەککە بووە ژینگەیەك ئیسلامی قبولّ نەبوو و خەڵکەکەی ڕێگر بوون، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) سەیرێکی مەککەی کردو وەك ماڵئاوایی و دەربڕینی سۆزو پێهەڵگۆتن فەرمووی: (**أَمَا وَاللَّهِ لأَخْرُجُ مِنْكِ وَإِنِّي لأَعْلَمُ أَنَّكِ أَحَبُّ بِلادِ اللَّهِ إِلَيَّ وَأَكْرَمُهُ عَلَى اللَّهِ" وَلَوْلا أَنَّ أَهْلَكِ أَخْرَجُونِي مَا خَرَجْتُ**) رواه الترمذي، واتە: سوێند بەخوا ئەی مەککە من کە جێت دێڵم، دەزانم خۆشەویسترین‌و بەخێرترین خاکی خوای لای من، وە خۆشەویسترین خاکی لای خوا، ئەگەر خەڵکەکە منیان دەرنەکردبا هەرگیز ئامادە نەبووم جێت بهێڵم..

کاتیٚ یاوەرانی پیٚغەمبەر (درودی خوای لەسەر بیٚت) تووشی نەخۆشیو تای گران بوون، بیلال (رەزای خوای لیٚ بیٚ) بەدەنگی بەرزەوە شیعری دەچڕیو دەیگوت:

أَلاَ لَيْتَ شِعْرِي هَلْ أَبِيْتَنَّ لَيْلَةً ... بِــوادٍ وحَولي إِذْخِرٌ وَجَليلُ
وَهَــلْ أَرِدَنْ يَوْما مِياهَ مجنَّةٍ ... وَهَلْ تَبْدونْ لي شامَةٌ وَطَفيلُ

لەم دوو دیٚڕە شیعرەدا بیلال بە فکرو خەیاڵی یادەوەریەکانی مەککە دەچیٚتەوە لای ئەو نیشتمانەی تیٚی ژیاوەو گەورە بووە، کە هەردوو بەیتەکە ویٚنای ئەو هەستە پیشان دەدەم کە بیلال لە دڵی خۆی وەك دەربڕینی هەستو سۆز بۆ نیشتمانی خۆی هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم نیشتمانەشی لەپیٚناوی خواو پیٚغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بیٚت) جیٚهیٚشتووە.

# پێویستیەکانی هاوڵاتیبوون

تێگەیاندنو ئاشناکردنی هاوڵاتی بە گرنگی شوێنو پێگەو توانا و مێژوو و کەسایەتی تایبەتمەندی نیشتمانو، ئاشناکردنی بە سیاسەتی دەرەوە، کە جێی بایەخو رێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، لەگەڵ بەهاو تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی وەك: دادپەروەریو هاوسەنگیو میانڕەویو هاوسۆزیو خۆشەویستی یەکترو هاوکاری لەسەر چاکەو تەقوا بۆ ئەوەی ببێتە جێی شکۆو شانازی.

چاندنی هەستی گەشەپێدانو خۆشەویستی نیشتمان لە دڵی هاوڵاتیان، بۆ ئەوەی زیاتر شازی پێوە بکەنو داکۆکی لە شکۆمەندیو پێگەی بکەنو بەگەرمو گوڕیەوە پارێزگاری لە خاكو کەرامەتی نیشتمان بکەن، لەگەڵ ئەوەش شانازی بە

ئینتیمای بۆ نەتەوەکانیانو باوەڕی بە گرنگی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە هەبێت.

قوڵکردنەوەی بەها جوانەکانی ئیسلامیو کۆمەڵایەتی لای هاوڵاتیان وەکو گیانی هاوکاریو راستگۆییو ئەمانەتپارێزیو ئارامی نواندن.

روونکردنەوەی چەمکی نیشتمانپەروەری لەروانگی ئیسلامو خستە ڕووی واتای بەهاو رێزی نیشتمانپەروەریو ئەوەی پێویستە لەسەر هاوڵاتی بیکات بەرامبەری.

ئاشنا کردنی هاوڵاتی بە ئەركو مافەکانی خۆی لەچوارچێوەی رێکارەکانی ئاپینی پیرۆزی ئیسلام.

ڕاهێنانی هاوڵاتیان لەسەر کارکردن بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڕق‌و کینەو ناکۆکی‌و کێشەو پەرتەوازەیی لەناو تاکەکان کۆمەڵگەدا.

هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتی لەهەندێ چەمکی هەڵەو ناراست، کە لەناو هەندێ کۆمەڵگەی ئیسلامی بڵاوبوونەتەوەو لە دژی ئیسلام بەکار دەهێندرێن، لەگەڵ ئەوەش هاوڵاتی رابهێندرێت کە بتوانی راستی‌و پڕوپاگەندە لێك جیابکاتەوەو وردبوونەوە لە دروستی زانیاریەکان بکات.

ئاشناکردنی هاوڵاتی بە پیشەی دامەزراوەی حکومی‌و ئەوەی پێویستە لەسەری وەك پاڵپشتی‌و هاوکاری بەرامبەر ئەو دامەزراوەیە ئەنجامی بدات، ئاشناو بەرچاو روون بکرێ

لەئەركانی دەوڵەت كە پێی هەڵساوەو هەڵدەستێت لە سەرجەم بوارەكاندا بۆ بەرزراگرتنی شكۆی نیشتمان‌و هاوڵاتی.

خوای گەورە نیشتمانەكانمان بپارێزێ لە هەموو خراپەو ناخۆشیەك‌و هیوای سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەتان دەخوازم..

**وصلى الله على**

**سيدنا محمد وعلى آله**

**وصحبه وسلم.**

يەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان

المنظمة العالمية لخريجي الأزهر

The World Organization for al-Azhar Graduates

